دیمانە/ خەلیل بلەیی

٢٠١٢/١٢/١٧

# ئەڤین: سەرەڕای

ئەڤین بەیاز لە شاری بەدلیسی باکوری کوردستان هاتۆتە دنیاوە، بەڵام بەهۆی چەند کێشەیەکی تایبەتەوە زۆر لەوێ نەماوەتەوە و لە تەمەنی شەش ساڵیدا خانەوادەکەی رووی لە ئیستەنبول کردووە، هەر بۆیە لەو شارە جەنجاڵە ژیانی بەسەر بردووە و هەر لەوێشەوە بەهۆی ڕاسیزمیی کە هەندێك لە تورکەکان لەو شارەدا بەرامبەری پەیڕەویان کرد هەستی بەوە کردووە میللەتی کورد تەنیا لەبەر نەتەوەکەی رووبەڕووی هەموو جۆرە سیاسەتێکی دوژمنکارانە و ڕەگەزپەرستانە دەبێتەوە بۆیە هەوڵیداوە بە هونەرەکەی خزمەت بە گەل و نەتەوەکەی بکات.

ئافرەتی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لەوانەش بواری هونەر بە گشتی و گۆرانی و موزیك بەتایبەتی، بۆیە ئەگەر سەیری هەر پارچەیەك بکەین بە تەنیا دەبینین بە درێژایی مێژوو گۆرانیبێژی بە توانای لێ هەڵکەوتووە کە تا ئێستاش ناوەکانیان بە زیندوویی ماوەتەوە وەك ئایشە شان و نەسرین شێروان، گوڵبەهار و چەندانی تر، هەروەها هەندێکی دیکەشیان بە سوود وەرگرتن لە پێشکەوتن و کرانەوەی کۆمەڵگا ئێستاش بەردەوامن، بەڵام زۆر لەو ئافرەتە بە توانایانە وەکو پێویست دەرناکەون لە میدیاکاندا و ڕەنگە جەماوەری هەر چوار پارچەکەی دیکەی کوردستانیش ئاشنایەتییان لەگەڵیان نەبێت، ئەڤین بەیاز کە خەڵکی شاری بەدلیسە یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە گشت کۆڵەگە سەرەکییەکانی پێویستی هونەرمەندی گۆرانیبێژی تێدا بەدی دەکرێت، خاوەن ستایلێکی تایبەتی نزیك ستایلی ڕۆژئاواییە و بەو ستایلە خزمەت بە هونەری کوردی دەکات، گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاڕاستەی خاتوو ئەڤین کرد دەربارەی هونەری کوردی و ئافرەتان و ستایلی تایبەتی خۆی ئەویش بەمشێوەیە وەڵامی داینەوە.

***هونەری کوردی بە گشتی چۆن هەڵدەسەنگێنی لەو بارودۆخ و زەمەنەی ئێستایدا؟**

- ناتوانین بڵێین کەموکوڕی نییە و هەموو شتەکان بە تەواوی پێشکەوتوون و لە ئاستێکی زۆر بەرزدان، بەڵام گومانیشی تێدا نییە هونەری کوردی بە گشتی هەنگاوی زۆری بڕیوە تێکەڵاوییەکی زیاتر پەیدا بووە لەگەڵ هونەری جیهانی کورد جگە لە گۆرانیبێژ خاوەن موزیسیانی گەورە و لێهاتوون کە لەسەر ئاستی جیهانیدا ناوبانگیان هەیە و خەڵك بە ڕێز وتەقدیرەوە سەیریان دەکات بە هەمان شێوە لە بواری تەکنیکی دەنگەوە کەموکوڕیەکان زۆرن، بۆیە سەرەڕای ئەم هەموو کەموکوڕی و ئاستەنگانەی کە دێنە سەر ڕێگا کار و بەرهەمی سەرکەوتووش پێشکەش دەکرێت، ڕۆژ دوای ڕۆژ ژمارەی هونەرمەندان زیاتر دەبێت لە هەمان کاتدا شێوازی موزیکی نوێتر دێتە بوون، هیوادارم لە پاشەڕۆژا هەنگاوی زیاتر بهاوێژرێت بۆ ئەوەی بگەین بە ئاستێکی بەرزتر و ئەو کەموکوڕیانەی کە لێرەو لەوێ هەستیان پێدەکرێت نەمینێت و سوود لە ڕەخنە و پێشنیارەکان وەربگیرێت کە ئاراستەی هونەرمەندان دەکرێت.

*** جاران بوونی ئافرەت سنووردار بوو لە نێو هونەری کوردیدا و تەنیا چەند ناوێك هەبوون، بەڵام ئێستا دەرفەتی زۆریان لە پێشە، پێتوایە ئافرەتان وەکو پێویست هاتوونەتە نێو مەیدانەکە و سوودیان لەو بارودۆخەی ئێستا**





**وەرگرتووە؟**

- بێگومـــان ئافرەتی کوردی قۆناغێکـــی زۆری بڕیوە و بوونی خۆی ســـەلماندووە و ئەوەی ئێســـتا ئافرەتی کورد لە مەیدانـــی گۆرانی وتندا پێشکەشی دەکات مایەی خۆشحاڵی و شانازی پێوە کردنە، چونکە بیرمان نەچێت ئێســـتاش کۆت و بەندی کۆمەڵایەتی لەســـەر ئافـــرەت کۆتاییان نەهاتووە و ئەو بوارە لەبەردەم ئافرەتی کورد سنووردارە، بۆیە بە گشتی دەڵێم ئافرەتـــی کورد لە بواری گۆرانی وتندا هەنگاوی زۆری بڕیوە کە مایەی دەستخۆشی و پاڵپشتی کردنی زیاترە.

***هونەری هەر گەل و نەتەوەیـــەك تایبەتمەندێتی خۆی هەیە کە پێی ناسراوە و هەوڵی پاراستنی دەدات بۆ ئەوەی نەتوێتەوە لەنێو هونەری گەلان، ئایا ئێمەی کورد لەم بوارەدا چیمان کردووە؟**

- بەپێی بۆچوونی تایبەتی خۆم ڕەسەنایەتی و تایبەتمەندییەکانی هونەری کوردی کە پێی ناسراوە لەنێو گەل و نەتەوەکانی دیکە گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە کە بگاتە ئاســـتی پاراســـتن و ڕێگا گرتن لە نەتوانەوەی لەنێو هونەری میللەتانی ترد بەتایبەتی میللەتانی نزیك و دراوســـێی کوردستان کە ئەوان توانیویانە سوودێکی زۆر لە کەلتور و فەرهەنگی کوردی وەربگرن زۆر جار زیاتر لە ئێمەی کورد خۆمان، بۆ ئەوەی ئێمەش ڕێگا لە توانەوەی هونەری کوردی بگرین و مۆرکی ڕەسەنایەتی ئەو هونەرەی خۆمان بپارێزین ئەنجامدانـــی توێژینەوە ولێکۆڵینـــەوە و خوێندنی زیاتر لە بواری ئەدەبیات و گۆرانـــی و موزیکی کـــوردی زۆر و لەم بارەیەوە هەوڵی بۆ دراوە، بەڵام پێویستە هەوڵی زیاتر بدرێت.

***زۆر لە گۆرانـــی و بەرهەمی فۆلکلۆر و کۆنی گۆرانیبێژە نەمرەکان بەشـــێوازی جیاجیا نوێ دەکرێنەوە لە هەموو پارچەکانی کوردســـتان، رات چییە سەبارەت بەم دیاردەیە؟**

-راســـتە من خۆیشـــم زۆر گرنگی بـــەو لایەنـــە دەدەم، چونکە لەنێو گۆرانییەکانی مندا گۆرانیی هونەرمەندانی دیکە نییە و هەمووی گۆرانیی تایبەتی خۆمە، هەموو تێکست و ئاوازەکانی نوێن، لە ئەلبوومی یەکەممدا تێکستی چوار لە گۆرانییەکان هی خۆم بوو، لە ئەلبوومی پێشووم و نوێمدا هیچ ئاواز و تێکســـتی منی تێدا نییە، بەڵام هەموویان تێکست و ئاوازی نوێن هیچی فۆلکلۆر و هی هونەرمەندە نەمرەکان نین.

*** بە حوکمی بوونی فرە شێوەزاری لە زمان و کرانەوەی سنوورەکان لەبەردەم تاکی کورددا، ئێســـتا فرە شـــێوەزاری لە گۆرانی گوتن بۆ هونەرمەندی کورد یەکێکە لەوکارانەی کە هونەرمەندی کورد پێویستە گرنگی پێ بدات، تۆ لەم بارەیەوە چیت کردووە؟**

- من خۆم خەڵکی شاری بەدلیسم لەوێ لەدایکبووم، بەڵام زۆربەی تەمەنی خۆم لە شـــاری ئیستەنبول بەسەر بردووە، بۆیە تا ئێستا تەنیا بە شـــێوەزاری کرمانجی گۆرانیم وتووە، بەڵام ئێوە باستان کرد بەهۆی کرانەوەی کوردســـتان و سوود وەرگرتن لەو پێشـــکەوتنەی کە ئێستا جیهانی گرتووەتەوە وا پێویســـت دەکات هونەرمەندی کورد بە هەموو شێوەزارێك گۆرانی بڵێت بۆ ئەوەی شوێنی خۆی لەلای هەموو کورد بکاتەوە و بتوانێت بە زیاتر لەو شـــێوەزارەی خۆی گۆرانی بڵێت، بۆیە منیش بیرم لەوە کردۆتـــەوە کە بە زاراوەکانی تریش گۆرانی بڵێم وەك ســـۆرانی و زازاکی کە بۆ من ئێستا زۆر پێویستە، بەڵام دوای ئەوەی تێکست و ئاوازی شـــیاو و جوانم دەست کەوێت کە بزانم سەرکەوتنیان مســـۆگەر دەبێت و جەماوەر پێشـــوازییان لێدەکات ئـــەو کات منیش پێشکەش بە جەماوەری خۆشەویستی خۆمیان دەکەم.

*** هۆکارێکی گرنگ و پێویســـت بۆ زیاتر ناســـاندنی هونەرمەند لەلایەن جەماوەرەوە بریتییە لە کلیپ، تۆ چۆن گرنگیت بە کلیپداوە؟**

- کلیپ بۆ هونەرمەند زۆر پێویســـتە، بۆیە نابێ هەروا بە ئاسانی و بە هەر شـــێوەیەك لە هەر ئاســـتێکدا بێت هونەرمەند کلیپ بکات، چونکە جەماوەر کلیـــپ دەبینێت و زۆر جار لە جیاتی ئەوەی کلیپ ببێتە هۆی سەرکەوتن و ناساندنی هونەرمەند بە جەماوەر بە پێچەوانەوە دەبێتـــە هۆکاری ئەوەی کە جەماوەر لـــەو هونەرمەندە دوور بکەوێتەوە ئەگەرچی ئاســـتی هونەریشـــی بەرز بێت، بەڵام کلیپێکی ئاست نزم کاریگەری ســـلبی بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر هونەرمەندەکە دەهێڵێتەوە، بۆیە پێویســـتە ئەو کلیپەی هونەرمەند پێشکەشـــی دەکات لە هەموو لایەکەوە لە ئاســـتی جەماوەرەکەی بێت و هەموو لایەنەکان لەبەرچاو بگرێت لەکاتی کلیپ کردندا.

## ئاستەنگەکان بەرهەمی سەرکەوتووش پێشکەش دەکرێت



